# گەندەڵی ئەدەبی

**موسڵمانێک**

بەردەوام قسە لەسەر گەندەلی ئیداری دەکرێ، گۆڤارو رۆژنامەو کۆر نیە پەلاماری ئەو گەنەڵیە نەدات . من نالێم کارێکی خراپە ، بەلام خۆ دەکرێ جارێکیش باس لە کەندەڵی ئەدەبیش بکەین ، کەندەلی خەلات دابەش کردن لەسەر بنەمای مەحسوبیەت .

دوێنێ 26 |11 \ 2005 , دوا رۆژی فێستیفالی ساڵانەی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ بوو , کە وەک هەمیشەی بەسەر کەوتوویی کۆتایی بە چالاکیەکانی هێنا . کەچی لە پەراوێزی فێستیڤالا ، کۆمەلەی ئەدەبی ( العنقاء ) کە لە بنەچەدا لە شاری عیمارەی عیراق سەری هەڵداوە ، خەلاتی کۆمەلەکەی بە دوو برادەر بەخشی ، یەکەمیان شاعیر شێکۆ بێکەس وەک شاعرێکی ناسراوو داهێنەر ( جیێ ی خۆیەتی ) ، دووەمیان بە چیرۆکنووس رەئوف بێگەرد « کە جیێ ی سەرسورمان بوو » .

پێش کەش کاری خەلاتەکە وەک رۆماننوس و چیرۆکنوسێکی گەورە رەئوف بێگەردی بە خەڵکەکەی ناساند !!

دیارە لێپرسراوی کۆمەلەکە وتی : ئەمە یەکەم جارە ئەم خەڵاتە بدرێ بە کورد ، دیارە ئەوان یەشار کەمال و محی الدین زەنگنە بە کورد نازانن !!

ئەوەی لێرەدا مەبەستە ، خەلات کردنی رەئوف بێگەردە ،وەک رۆماننوسێکی گەورە لە کاتێکدا ئەو برادەرە تاکە رۆمانیکیشی بە درێژایی مێژووی ئەدەبی خۆی نە خستۆتە بەر دەستی خوێنەری کوردەوە !!

ئەگەر ئەدەبی کوردی و سەرانی ئەدەبی کوردی توشی ڤایرۆسی گەندەڵی نەبوبن ، چۆن دەکرێ ، نووسەرێک خەلاتێکی عیراقی _ عەرەبی _ هەرێمی _ جیهانی ، پێ ببەخشرێ وەک رۆماننوسێکی گەورە کە ئەسلەن رۆماننوس نەبێت و تەنانەت لەتە رۆمانێکیشی نە خستبێتە بازارەوە ! ئەگەر گەندەلێ سەرانی ئەدەب و « ئامیرلیواکانی ئەدەب » نەبن ، چۆن دەکرێ بەسەر رۆماننوسانی وەک مامۆستایان حوسەین عارف و محمد موکری و بەختیار عەلی و شیرزاد حەسەن و فرهاد پیربالێ ...... هتد باز بدەن و ئەم خەلا تە بە بەرێز رەئوف بێ گەرد ببەخشن !؟

بلێی مورەشەحی کاک شێرکۆ نەبووبێت .

رەنگە !!! خێر بە خوێش نەک بە دەروێش !؟